هەرێمی کوردستـــان - عێراق
ئـــەنجومـــەنی وەزیـــران
وەزارەتـــــی پــــەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانانی پەروەردەیی
بەڕێوەبەرایەتی پلاندانانی پەروەردەیی

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Education

إقليم كوردستان - العراق
مجلـــس الــــوزراء
وزارة التــــربيـة
المديرية العامة للتخطيط التربوي
مديرية التخطيط التربوي

ژمارە: ١٠١٥
ڕێکەوت: / ١ / ٢٧١٤ کوردی

No:
Date: 21/ 1 / 2015

**بـــۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی ( هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، کەرکوك/خوێندنی کوردی**

**بـابـەت/ ڕاپۆرتی سینا**

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا ڕاپۆرتی هەردوو (کەرتی پەروەردە و کەرتی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی) سەبارەت بە بونیاتنانی هەرێمی کوردستانی عێراق ژێرخانی کۆمەڵایەتی - ئابووری (SEINA) کە لە لایەن وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) ئامادەکراوە بۆتان ڕەوانە دەکەین بەمەبەستی جێ بە جێ کردنی پێشنیارەکانی هەردوو کەرت.

لەگەڵ ڕێـزمـانـدا...

**هاوپێچ:**

١. ڕاپۆرتی کەرتی پەروەردە.
٢. کەرتی پەروەردەی پیشەیی تەکنیکی.

تێبینی/ بۆ سودوەرگرتن لە تەواوی ڕاپۆرتەکە دەتوانن لە ڕێگای ئەم لینکەوە ڕاپۆرتەکە دابەزێنن:

http://www.mop.krg.org/resources/MoP%20Files/PDF%20Files/SEINA_FINAL_Kurdish.pdf

**یوسف عثمان یوسف**
**ب.گ. پلاندانانی پەروەردەیی**

**وێنەیەك بۆ :**

- نووسینگەی وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا...
- ڕاوێژکارە بەڕێزەکان/ بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت ب.گ. دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- ماڵپەڕی وەزارەت/ بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە لە ماڵپەڕ/ لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو

Kurdistan Region - Erbil
Phone : 2232475/2230250
Webmaster@moe.krg.org
هەرێمی کوردستان - هەولێر
تەلەفون : ٢٢٣٢٤٧٥/٢٢٣٠٢٥٠

# پەروەردە





## پەروەردە[47]


### پوختەی هەلومەرجەکە

لەساڵی **2005**ەوە، هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی بەرچاوی بەدیهێناوە لە هەموو بوارەکانی سیستەمی پەروەردەدا، بەشێوەیەکی باش شایانی بەراوردە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. لەساڵی **2009**ەوە ڕێژەی تۆمارکردن بەرزبۆتەوە لە خوێندنی بنەڕەتی و دواناوەندی، لە **91.6%** و **20.3%** یەک لەدوای یەک لە ساڵی خوێندنی **2003-2004** بۆ **95.9%** و **88.9%** لە ساڵی خوێندنی **2010-2011**[48] . نزیکەی **18.4%**ی دانیشتوان لە ساڵی **2009** نەخوێندەوار بوون[49] .

هاوکات کۆی **1,327** قوتابخانەی نوێ لەماوەی **7** ساڵی ڕابوردودا دروستکراون، بە تێکرای گەشەی **5%**ی سالانە. بەلام نیشاندەرەکانی قوتابی بۆ پۆل و قوتابخانەی فرە دەوام، نیشانی دەدات کە هێشتا پێداویستی هەیە بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر، بەتایبەتی لەڕووی چەندێتی و چونێتی و قوتابخانەکان و پەروەردەی دابینکراوەوە.

لەڕاستیدا زۆربەی قوتابخانە گشتیەکان ناچارن دەوامێکی تر کاربکەن (دوو تا سێ دەوام) یان بنیاکە بە هاوبەشی لەگەڵ قوتابخانەیەکی تر بەکاربهێنن. لە ئەنجامی ئەمە، بۆ جێکردنەوەی فرە دەوامی، قوتابخانە گشتیەکان ناچارن کاتەکانی وانەوتنەوە کەمبکەنەوە لە پێنج بۆ چوار کاتژمێر بۆ هەر دوامێک، ئەمەش زیان بە کوالیتی پەروەردە دەگەیەنێت.

### شێوەی 26:ڕێژەیسەدیی تۆمارکردن لە قوتابخانەی سەرەتایی*




*بۆ هەرێمی کوردستان ئەم ڕێژە سەدییە قوتابخانەی بنەڕەتی تا قۆناغی 9دەگرێتەوە

47 ئەم بەشە سوودی وەرگرتوە لە ڕاپۆرتێکی ڕاند لەسەر بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، کە وەزارەتی پلاندانان بە سوپاسەوە ڕێگەی پێداین بەکاریبهێنین بۆ ئەم توێژینەوەیە. ئەم توێژینەوەیە کۆکە لەگەڵ هەندێک ژمارە، دەرئەنجام و ڕاسپاردەی ڕاند بەلام هەموویان نا. هەندێک کات ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بە دەرئەنجامی سەربەخۆی هاوشێوە، لەوانەیە بەهۆی بەکارهێنانی هەمان داتا و خوێندنەوەی هەمان ڕاپۆرت و دیدار لەگەڵ هەمان کاربەدەستان.

48 MICS IV Survey

49 .Based on the results of IHSES, 2007

بەگشتی کەموکورپیەکانی ژێرخانی پەروەردە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە باس بکرێت ( لە بەشی کەلێنەکاندا وردەکاری زیاتر هەیە):

- کەموکوری لە توانای قوتابخانە
- کەمی مامۆستای پسپۆر و دابەشبوونی نایەکسانی جوگرافی مامۆستایان
- پێویستی باشترکردن کاریگەری پرۆگرامی خوێندن و زیادکردنی کاتەکانی وانەوتنەوە (680 کاتژمێر لە ساڵێکدا بە بەراورد لەگەڵ1,000 کاتژمێر لە ساڵێکدا لە زۆربەی ولاتە پێشکەوتووەکان)
- پێویستی پەرەپێدانی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان

## کەلێنەکان

گرنگترین کەلێن بریتیە لە کەموکوری لە توانای قوتابخانە و کەمی ژمارەی مامۆستای پسپۆر. بەلام هاوشێوە گرنگ، ڕێژەی ئێستای نوژەنکردنەوە و دروستکردنی قوتابخانە تەبا نییە لەگەڵ گەشەی دانیشتوان و بەرەپێشچوونی چاوەروانکراو لە قوتابخانەی دواناوەندی.

**کەم وکورتی هەیە لە ژمارەی قوتابخانە، چەند قوتابخانە هەیە زۆر لە ژێرستاندەرەوەن و پێویستە تۆمارکردن لە قۆناغی ناوەندیدا زیاتربکرێی**

لە ساڵی خوێندنی 2011-2012 کۆی5,233 [50] قوتابی لە هەرێمی کوردستان هەبووە کە دابەشبوون بەسەر4,350 قوتابخانەی بنەرەتی، 742 قوتابخانەی دواناوەندی، 31 قوتابخانەی پیشەیی، 24 پەیمانگە، 76 قوتابخانەی خوێندنی خێرا[51] . بە بەراورد لەگەڵ ساڵی خوێندنی 2003-2004 کۆی ژمارەی قوتابخانەکان نزیکەی4,000 بوو. هاوکات لە ساڵی خوێندنی 2003-2004، نزیکەی 170 قوتابی بنەرەتی و دواناوەندی هەبوو بۆ هەر قوتابخانەیەک، لەکاتێکدا لە ساڵی 2010-2011 ئەم ژمارەیە بەڕێژەی 54% بەرزبووەوە بۆ 261 قوتابی بۆ یەک قوتابخانە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کەمی توانای قوتابخانە گشتیەکان. بە لەبەرچاوگرتنی نزمی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی دواناوەندی، دڵنیاین کە ئەمە بەردەوام دەبێت لە بەرزبوونەوە. ئەم توێژینەوەیە پێشبینی بەرزبوونەوە دەکات بە ڕێژەی 37% تا 2020 لە ڕێژەی 27%ی ئێستاوە. لەبەرئەوەی ڕێژەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی بنەڕەتی نزیکە لە 95%، چاوەڕوان دەکرێت بە هێواشی بەرزببێتەوە بۆ نزیک 100%. زۆربەی خواست بۆ پۆلی نوێ، لە زیادبوونی تۆمارکردن لە دواناوەندی سەرچاوە دەگرێت، لەگەڵ کەمکردنەوەی قوتابخانە فرە دەوامەکان و قوتابخانە کرێ و لە قوڕ دروستکراوەکان.

بەهۆی پێشینەی لاوازی ئەکادەمییەوە، پرۆگرامی لاوازی هێشتنەوە و نەبوونی هاندەر، مامۆستاکان توانای پێویستیان نییە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن. لە ئەنجامی ئەمە قوتابیان کێشەی فێربوونی ناوەڕۆکی بابەتەکانیان بەئاستی جیاواز و ئەدایان زۆر لاوازە.

دەکرێت کەلێنەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە پوخت بکەینەوە[52]:

- پێویستی دروستکردنی کۆی3,253 قوتابخانەی نوێ لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا (تێکرای 12 پۆل بۆ هەر قوتابخانەیەک)؛
- پێویستی نوژەنکردنەوەی1,323 قوتابخانە لەهەمان ماوەدا؛
- پێویستی کەمکردنەوەی قەرەباڵغی قوتابخانەکان و فرە دوامی و نەهێشتنی قوتابخانەی کرێ و داروخاو؛
- 75%ی مامۆستای قوتابخانەی بنەڕەتی توانا و کارامییە سەرەکییەکانیان نییە، پێشینەی ئەکادەمیان لاوازە و هاندەریان نییە (تێکرای موچە 150 دۆلارە لە مانگێکدا)؛
- پێویستە بەستانداردکردنی کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن کە بەچەند زاراوەیەک نووسراون و چالاکیان تێدا نییە و کتێبی راهێنانیان لەگەڵ نییە؛
- کەمی کاتی وانە (کاتی دەوامی قوتابخانە) پێویستە بەڕێژەی 30% زیادبکرێت؛
- کەلێنی بودجە: پێویستە داوای زیادکردنی بودجە بکرێت لەوەی ئێستا 124 ملیۆن دۆلار (7.8%ی بودجەی هەرێم).

---

50 سەرچاوە: دەستەی ئامار

51 بۆ منداڵی بەتەمەنتر (لەنێوان 9-15 ساڵ) کە دەرفەتی تۆمارکردنیان نەبووە لە تەمەنی ئاساییدا.

52 خەملاندنی پۆلی پێویست لەسەر بنەمای گەشەی دانیشتوان و بەرزبوونەوەی تۆمارکردن لە قوتابخانەی بنەرەتی و دواناوەندی و نەهێشتنی قوتابخانە دوو دەوام، کرێ، هاوبەش و قوتابخانەی قور. پێویستی نوژەنکردنەوە لەسەر بنەمای خەملاندنی وەزارەتی پەروەردە بووە بۆ ساڵی 2012 کە چارەکێکی قوتابخانەکانی ئێستا پێویستیان بە نوژەنکردنەوە هەیە (لەگەڵ زیادکردنی هەندێک شوێنی پێویست، کتێبخانە، هۆڵی وەرزش، هۆڵی نانخواردن، هتد). خەملاندنی ئەم توێژینەوەیە بۆ ژمارەی پۆلی پێویست بۆ سالانی 2013-2020 بریتیە لە 46,460پۆل، لەگەڵ25,400 نوژەنکراوە، بە بەراورد بە خەملاندنێکی دەرەکیی36,360 پۆل کە لەوانەیە ورد نەبووبێت. وردەکاری زیاتر بەردەستە لە راپۆرتی کەرتی پەروردە کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم راپۆرتە.

## راسپاردەکان

**وەبەرهێنانی لە تواناى زیاترى قوتابخانە (بڕوانە پلانی وەبەرهێنانی خوارەوە)**

**باشترکردنی کوالێتی مامۆستا**

- دروستکردنی گروپێکی کار لەناو وەزارەتی پەروەردە بۆ راهێنان کردنی بەردەوام بە مامۆستا و کارمەندی قوتابخانە.
- دارشتنی پرۆگرامی وردی راهێنان و بایەخدان بە پرۆگرامی نوێ بۆ مامۆستایانی ئێستا و نوێ، ئەمەش بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی بالا، زانکۆکان و کۆلیجەکانی مامۆستایان. راهێنانی راهێنەری ئاستی بەرز بۆ پێشکەشکردنی راهێنان بە مامۆستایان.
- پێشکەشکردنی دووبارە راهێنانەوە بەشێوازی جیاوازی وەک راهێنانی نێوەندی و ناوچەیی و فێربوونی ئەلەکترۆنی. فێربوونی ئەلەکترۆنی زۆر سوودبەخشە بۆ ئەو مامۆستایانەی بەپەرۆشن بۆ فێربوونی پرۆگرامی نوێ بەشێوەی سەربەخۆ. مامۆستایان دەتوانن خۆیان تۆماربکەن بۆ کۆرسە ئەلەکترۆنیەکان بۆ هەر بابەتێکی پرۆگرامەکە. هاوکات دەکرێت لەگەڵ سیستەمی فێربوونی ئەلەکترۆنی کەرەستەی پێویست دابنرێت وەک خۆتاقیکردنەوە، تاقیکردنەوەی فەرمی و بڕوانامەدان.
- بەستانداردکردنی دووبارە راهێنانەوەی مامۆستایان وەک بەشێک لە پرۆگرامی پەرەپێدانی پیشەیی مامۆستایان و پلانی پلەبەرزکردنەوە بۆ هاندانیان بۆ وەرگرتنی راهێنانی زیاتر.
- لابردنی مامۆستا ئەدا لاوازەکان لە سیسیەمی پەروەردە و زوو خانەنشین کردنیان.
- باشکردنی ئاستی موچەی مامۆستا بۆ هاندانی ئەدای باشتر و پێشکەشکردنی پاداشتی نادایی بۆ مامۆستا ئەدا بەرزەکان و هاندانی دەرچوانی زانکۆ بۆ وەرگرتنی کاری مامۆستایی. وەک زۆربەی ولاتانی جیهان، هەموو ساڵێک ژمارەیەک مامۆستا هەڵبژێرن بۆ "خەلاتی مامۆستای ساڵ".
- بەرەوپێشبردنی ستانداردەکانی فێرکردن لە کوردستان لەڕێگای پرۆسەی بڕوانامە و مۆڵەتدانەوە.

**باشکردنی کاریگەری پرۆگرامی خوێندنی نوی**

- بەستانداردکردنی کتێبەکانی پرۆگرام و بەکارهێنانی یەک زاراوەی یەکگرتوو بۆ جێبەجێکردنی کارای سیستەمی نوێی پەروەردە.
- دانانی کتێبی راهێنان/چالاکی بۆ هاوکاریکردنی مامۆستا و قوتابی بۆ تێگەیشتنی باشتر لە بابەتە قورسەکانی وەک زانست و بیرکاری.
- زیادکردنی کاتی وانە بە رێژەی 30% لەرێگەی زیادکردنی رۆژەکانی دوام و کاتەکانی دوام لە رۆژێکدا.
- بەرەوپێشبردنی وەزارەتی پەروەردە و سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان
- پێداچوونەوەی هەموو کارە کارگێریەکان و بەرێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان
- دانانی پرۆسە و کاری سەرپەرشتیاری.
- جێبەجێکردنی سیستەمێکی گونجاوی چاودێری و هەڵسەنگاندن، وەسفی وەزیفی، پلەبەندی و ئاستی موچە، سیستەمی سەرچاوە مرۆییەکان لەسەر بنەمای ئەدا، راهێنانی بەردەوام و بڕوانامە و مۆڵەتدان بە مامۆستایان.

**پێداویستی پێشبینیکراو**

پێویستی هەیە بۆ دروستکردنی قوتابخانە نوێ بەخێرایی بۆ پڕکردنەوەی ئاستی بەرزی خواستی بەهۆی گەشەی دانیستوان و زیادبونی تۆمارکردن و گۆڕینی قوتابخانە کرێ و خراپ و هاوبەشەکان.

**ئەگەر بێت و وەبەهێنان وەکو پێشنیار رادەپەڕێنرێ ،ئەوە قوتابخانە فرە دەوامەکان و قوتابخانە کرێ نامێنێت**

| چالاکی وەبەرهێنان پەروەردە[53] | 2013-2017 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| ژمارەی پۆلی بنەڕەتی نوێ | 7,496 | 5,132 | 12,628 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 468.5 | 320.8 | 789.3 |
| ژمارەی پۆلی دواناوەندی نوێ | 3,201 | 2,291 | 5,492 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 200.2 | 143.2 | 343.4 |
| کەمکردنەوەی قەرەباڵغی | 3235 | 0 | 3235 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 202.2 | 0 | 202.2 |
| کەمکردنەوەی فرە دەوامی | 12,660 | 0 | 12660 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 791 | 0 | 791 |
| گۆڕینی قوتابخانە کرێ و داڕوخاو | 12,120 | 0 | 12,120 |
| تێچوو (ملیۆن دۆلار) | 777.8 | 0 | 777.8 |
| **کۆی پۆلی نوێی پێویست** | **39,037** | **7,423** | **46,460** |
| **کۆی تێچوو (ملیۆن دۆلار)** | **2,440** | **464** | **2904** |
| **ژمارەی پۆل بۆ نوژەنکردنەوە** | **15,875** | **9,525** | **25,400** |
| **تێچووی نوژەنکردنەوە (ملیۆن دۆلار)** | **320** | **192** | **512** |
| **کۆی گشتی تێچوو (ملیۆن دۆلار)** | **2,760** | **656** | **3,416** |
| **ژمارەی قوتابخانەی نوێی خەملێنراو** | **3,253** | **619** | **3,872** |

## شێوەی 27. وەبەرهێنان لە پەروەردە

**3,416 US$ ملیۆن (2013-20)**




53 تێچووی خەملێنراو: 62,500 دۆلار بۆ پۆلی نوێ، 20,000 دۆلار بۆ نوژەنکردنەوەی پۆل (ئەم ژمارانە بڕیاریان لەسەر درا لە گفتوگۆکان لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە).

# پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی



## پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی

### پوختەی هەلومەرجەکە


سیستەمی قوتابخانەی دواناوەندی پیشەیی و تەکنیکی لە هەرێمی کوردستان لە پشێویدایە. تۆمارکردن لە دابەزیندایە، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان (بەبێ زیادکردنی بودجە). ژمارەی قوتابی تۆمارکراو لە دواناوەندییە پیشەییەکان لە7,744 قوتابی لە 2003-2004 دابەزی بۆ 6,307 قوتابی لە ساڵی خوێندنی 2009-2010، سەرەڕای زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە پیشەییەکان بەرێژەی 10%. لەهەمان ماوەدا، ژمارەی مامۆستا بەرێژەی 46% زیادیکرد لە 861 مامۆستا بۆ1,255 مامۆستا، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی رێژەی قوتابی بۆ مامۆستا لە نۆ بۆ پێنج. ژمارەیەک قوتابخانە کە تیمەکە سەردانیکرد، بێ چالاکی بوون، ئەگەرچی مامۆستاکان لەوێ بوون بەلام بووجە نەبوو بۆ کارەکانیان.

**تۆمارکردن لە دابەزیندایە، لە*7,744* قوتابی لە *2003-2004* دابەزی بۆ *6,307* قوتابی لە ساڵی خوێندنی *2009-2010***

پەیوەندییەکی راستەوخۆ هەیە لەنێوان ستراتیژی سەرکەوتووی وەبەرهێنان و سیستەمێکی سەرکەوتووی دابینکردنی توانا و کارامەیی کە کاردانەوەی هەبێت بۆ خواستەکانی بازار لەسەر کارامەییەکانی هێزی کار. دابینکردنی بەشێکی هێزی کاری پێویست بۆ وەبەرهێنانە تازەکان یەکێکە لە سوودەکان، بەلام هاوردەکردنی کرێکار بۆ ئەم پرۆژە تازانە شکست بەم مەمەبەستە دەهێنێت. بەهای پەروەردەیەکی مۆدێرنی پیشەیی و تەکنیکی لە کوردستان لەوانەیە زۆر بەرز بێت، چونکە هەوڵ دەدات فرەیی دروست بکات لە بوارەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتوگوزار.

لەساڵی 2003 تەنها یەک سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی هەبوو لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر. ئێستا سێ سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی هەیە کە یەکخراون لەگەڵ سەنتەرەکانی کار بە سەرپەرشتی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، لە هەولێر، دهۆک و سلێمانی[54]. بەلام بەهۆی کەمی بودجەی بەگەڕخستنەوە، هیچ کام لەم سەنتەرانە ناتوانن راهێنان پێشکەش بکەن لەم کاتەدا.

### شێوەی 28. وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی 2013-2020




سەرچاوە: خەملاندنەکانی توێژینەوە

دوو سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی تر لە سۆران و گەرمیان دروستکران دوو ساڵ لەمەوبەر. ئەم دوو سەنتەرە نەیانتوانیوە کەرەستە و شوێنی گونجاو دەستبەربکەن بەهۆی کەمی بودجەوە و نەیانتوانیوە هیچ راهێنانێک پێشکەش بکەن[55]. بەهۆی ئەم کێشانەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی خەڵک دەتوانن راهێنان وەربگرن. لە ساڵی 2010 تەنها 300 کەس توانیویانە راهێنانی پێویست بەدەستبهێنن و تەنها 19 کۆرسی راهێنان پێشکەشکراوە. لە ساڵی 2010 تەنها 2008 بێکار تۆمارکراون لە سەنتەرەکانی کار، و تەنها نزیکەی 14% (400 کەس) کاریان قبوڵکردوە.

### کەلێنەکان

ژمارەیەکی سنورداری سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەری کار: سەنتەرەکانی ناتوانن راهێنان دابین بکەن بۆ ژمارەیەکی زۆری بێکار.

میتۆدی کۆنی فێرکردن و پرۆگرامی راهێنان: پرۆگرامەکان تەبا نەکراون لەگەڵ کارامەیی و تەکنەلۆجیا تازەکان کە بازاڕی کار پێویستی پێیانە.

54 ماڵپەری (SIDA) – 2012/4/22 – وتەی وەزیری کار و کاروباری کۆمەلایەتی (کوردستان)، ئاسۆس نەجیب.

55 چاوپێکەوتن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، 2012/5/29 – هەولێر.

بایەخ نەدانی پێویست لەلایەن حکومەتەوە بە گرنگی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی بۆ پەرەپێدانی کارای ئابوری و کەمکردنەوەی هەژاری، ئەمەش بۆتە هۆی ساربوونەوەی قوتابیان بۆ خۆتۆمارکردن لە پرۆگرامەکانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و هەوڵدانی بۆ بەدەستهێنانی پیشەی تەکنیکی لە کەرتی تایبەت (نەک کار لە کەرتی گشتی).

## راسپاردەکان

**دووباره بیرکردنەوە لە شێوازی دارشتنی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار**

هەرێمی کوردستان بژاردەی کەمی هەیە: ستراتیژی کرێکاری هەرزان شایانی بەدیهاتن نییە، لەبەرئەوە پێویستە هەنگاو بنێت بەرەوە پەرەپێدان لەسەر بنەمای زانیاری لەرێگەی زیادکردن بونیاتنانی سەرمایەی مرۆیی و راهێنانی کارمەندی تەکنیکی و پێشکەوتوو. لەم ناوکۆیەدا، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێخۆش بکات، نەک رێگربێت، لە هاتنی کرێکاری بیانی، چونکە پرۆژەکانی وەبەرهێنان پێویستیان بەم کرێکارە شارەزایانە هەیە کە هەرێم دەستناکەوێت.

دووباره بیرکردنەوە لە شێوازی دارشتنی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار لە هەرێمی کوردستان و دووباره هەڵسەنگاندنەوەی گرنگی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی بۆ هەرێمی کوردستان. ئوردون کەرتی پەروەدەی خۆی گۆری بۆ ئەوەی بەتەواوی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی لەخۆبگرێت؛ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان رێچکەیەکی هاوشێوە بگرێتەبەر (پوختەیەک لەسەر پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی ئوردون هاوپێچە لەگەڵ راپۆرتی ئەم کەرتە).

خێرا تەواوکردنی رووپێوی بازاری کار بە سەرپەرشتی وەزارەتی پلاندانان – بۆ بەدەستهێنانی داتای گرنگ لەسەر چەند، کێ، چی و لەکوێ و کام کارامەیی پێویستە و بەردەستە لەناو هێزی کاردا، بۆ ئەوەی بتوانرێت پلان دابنرێت بۆ دابینکردنی هێزی کار و گونجاندنی لەگەڵ خواستەکانی خاوەنکاران.

پەیرەکردنی شێوازی هاوبەشی نێوان کەرتی گشتی و تایبەت لەرێگەی پێکەوەگرێدانی خاوەنکارە سەرکەوتووەکانی کەرتی تایبەت و پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی، دواناوەنیەکان و پەیمانگا و زانکۆکان (وەزارەتی پەروەردە) بۆ دەسنیشانکردنی کارامەییە دیاریکراوەکانی کار و پیشە پێویستەکان بۆ پێنج ساڵی داهاتوو. پاشان بەراوردکردنی لەگەڵ دابینکردنی کرێکار کە دەچنە بازاری کارەوە[54].

بەرەوپێشبردنی کارامەییەکانی راهێنەر و بەرێوەبەرانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەرەکانی کار، هاندانیان بۆ لەنزیکەوە کارکردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بالا لەبواری راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی.

ئەنجامدانی پرۆگرامی پەیوەندیکردنی بەرفراوان (لەرێگەی تەلەڤزیۆن، ئەنتەرنێت، رۆژنامەکان، رادیۆ، گۆڤارەکان و ریکلام) بەهاوبەشی لەگەڵ سیستەمی پەروەردە بۆ گۆرینی بۆچوونی خەڵک لەسەر کارکردن لە بوارە تەکنیکیەکان و بۆ کەرتی تایبەت.

| چالاکی وەبەرهێنان | 2013-2020 | 2018-2020 | 2013-2020 |
|---|---|---|---|
| راهێنانی پیشەیی و تەکنیکی | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار | ملیۆن دۆلار |
| دووباره هەڵسەنگاندنەوەی رۆڵ و تواناکانی پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی | 2 | 1 | 3 |
| دروستکردنی 30 سەنتەری پەروەردەی پیشەیی و تەکنیکی و سەنتەری کار | 140 | 10 | 150 |
| **کۆ** | **142** | **11** | **153** |

56 دووبارەکردنەوەی رێچکەی پەیرەوکراو لەلایەن ()وە، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خاوەنکارە سەرەکییەکان بۆ بەرێوەبردنی سەنتەرەکانی پەروەردەی پیشەیی و راهێنانیان لە کارامەیی و توانا پێشکەوتوە تەکنیکیەکان (گواستنەوە، نەوت، ئامێرە ئەلەکترۆنی و پەیوەندییەکان).